سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئێران سەردانی عێراق دەکات

ئەمڕۆ سێشەممە، غولام حوسێن موحسنی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری کۆماری ئیسلامی ئێران سەردانی عێراقی کرد.

سەنتەری راگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لەراگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە" جێگری سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای دادوەری زەیدون سەعدون پێشواز لەغولام حوسێن موحسنی ئیجەئی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری کۆماری ئیسلامی ئێران کرد.

هەروەها وتی" سەردانی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئێران بەیاوەری شاندێکی باڵا بووە ولەسەر داوتنامەیەکی رەسمی سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای دادوەری فائیق زێدان بوو بەمەبەستی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییە یاسایی و دادوەریەکانی نێوان هەردوو وڵات.

ئەوەشی خستەروو کە سەرۆکی داواکاری گشتی نەجم عەبدوڵا وسەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری لەیس جەبر و سەرۆکی دادگای رەسافە دادوەر عیماد جابری و سەرۆکی دادگای کەرخ دادوەر خالد تەها پێشوازی لەشاندی دادوەری ئێرانی کرد